پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر هەر خواردنێکی بخواردایە سێ جار پەنجەکانی دەلێسایەوە

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر هەر خواردنێکی بخواردایە سێ جار پەنجەکانی دەلێسایەوە، ودەیفەرموو: «ئەگەر پاروویی یەکێکتان کەوت؛ ئەوا با (شتە ناخاوێنەکەی) لەسەر لابدات، وبیخوات وبۆ شەیتان جێی نەهێڵێت»، وفەرمانیکرد بەوەی دەفری خواردنەکە هیچی لەسەر نەمێنێتەوە، وفەرمووی: «ئێوە نازانن چی بەشێکی خواردنەکە بەرەکەتی تێدایە». لە جابری کوڕی عبداللەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «شەیتان ئامادە دەبێت لە هەموو کارووبارێکی ئێوەدا، تەنانەت لە کاتی خواردنیشدا ئامادە دەبێت، ئەگەر پاروویی یەکێکتان کەوت؛ ئەوا با هەڵبگرێتەوە و(شتە ناخاوێنەکەی) لەسەر لابدات، پاشان بیخوات وبۆ شەیتان جێی نەهێڵێت، وئەگەر لە خواردن تەواو بوو با پەنجەکانی بلێسێتەوە، چونکە نازانێت چی بەشێکی خواردنەکە بەرەکەتی تێدایە».

[صەحیحە بە ریوایەتیەکەیەوە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە بە گێڕانەوەی خۆی]

لەم فەرموودەیەدا ئاگادارکردنەوەی تێدایە دژی شەیتان، وهۆشداری تێدایە سەبارەت بە هاوەڵبوونی لەگەڵ مرۆڤ لە کردەوەکانیدا، بۆیە پێویستە مرۆڤ ئاگادار بێت وخۆی بپارێزێت وهەڵنەخەڵەتێت بەوەی شەیتان دەیرازێنێتەوە، ئەو خواردنەی مرۆڤ ئامادەی دەکات بەرەکەتی تێدایە، ومرۆڤ نازانێت بەرەکەت لە کوێی ئەو خواردنەیە لەوەی خواردوویەتی یان ئەوەی لەسەر پەنجەکانی جێماوە یان ئەوەی لەسەر دەفر وقاپەکە ماوەتەوە یان ئەو پاروویەی کە کەوتووەتە سەر زەوی، پێویستە مرۆڤ ئاگادار بێت وهەموو خواردنەکە بخوات بۆئەوەی بەرەکەتی بەر بکەوێت، وبنچینەی بەرەکەت بریتیە لە زیادبوون وجێگیر بوونی خێر وسوود لێوەرگرتنی، ومەبەست لێرە: ئەو خواردنەیە بەهۆیەوە مرۆڤ هێز و وزەی دەستدەکەوێت بۆ ئەنجامدانی پەرستنەکان ولە زیان دەپارێزێت، ولێرەدا هەندێک سوود هەیە کە زانایانی بواری پزیشکی باسیان کردووە ئەویش ئەوەی لە پاش خواردن نینۆکەکان شتێک وەکو هۆرمۆن دەڕێژن کە یارمەتی هەرسکردنی خۆراک دەدەن.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5653